# نۆیەمین پیشانگای سامان ئەبوبەکر


# خوێندنەوەی تابلۆیەک



تابلۆکانی ئەم پیشانگایە بە چڕی نموونە وێنای زنجیرەیەك تەڤکوژییان خستەڕوو، ئەو تەڤکوژییانە بە ناونیشانی جۆربەجۆر کۆکوشتنی نەتەوەیەکیان بە ڕەوا زانیوە، ئەو نەتەوەیەی دەنگی بەرهەڵستی و نارەزایی هەمبەر بە زەوتکردنی خاك و ئازادییەکەی هەڵبڕیوە. بە درێژایی سەدەی بیستەم نەتەوەی کورد لە هەر چوار کەناری وڵاتەکەیدا، بەرەوڕووی کۆکوژی کراوەتەوە، مەرگباران کراوە و داگیرکەران زۆر زبر و توند و تیژ و یەکجار دڵڕەقانە بەربوونەتە گیانی کورد، تراژیدیای سامناك بە سەر ئەو گەلەدا هاتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای ئازادی و مافی ژیانێکی سەربەستانەی کردووە. ئەمە چ سەمەرە و تراژیدیایەکە، مرۆڤ لە زێد و نێوماڵی خۆی بچەوسێنیتەوە و بە ئاگر و ئاسن ئازادیی لێ زەوت بکات، یان زیندەبەچاڵ و قڕی بکات؟

ئەو زنجیرە تراژیدیا دژوارەی لە سەدەی بیستەمدا بە سەر کورددا هات، ویژدانی سامان ئەبووبەکری لە ناخەوە هەژاندووە، هەست و نەستی ئەویان زۆر بە قووڵی هێناوەتە جۆش، لە ئاست ئەو خرۆشانە سەختەی گیان و دەروونی ئەم هونەرمەندەی تەنیوەتەوە، دەستی بۆ کەرەستەی پیشەکەی خۆی بردووە، بە ئازار و ژانێکی زۆرەوە، تابلۆی نەخشاندووە، هەموو تابلۆکان باسی قوربانییانی ئەنفال، گۆڕی بە کۆمەڵ، مەرگەساتی شنگال دەکەن. ئێمە تەنیا لە ئاست یەك تابلۆی ئەو پیشانگایە هەڵوەستە دەکەین، کە تایبەتە بە گرتەیەکی ئەو مەرگەساتەی لە شنگال بەرۆکی کوردی ئێزدیی گرت.

دۆڵی دۆزەخ، دەکرێ ئەمە ناوی تابلۆکە بێت، هونەر بە دیوێکدا داستانە، بەدیوەکی دیکەشدا گێڕانەوەی داستانە، جا چ تراژیدی بێت، یان کۆمیدی تا دەگاتە ئەڤینداری. لێرەدا سامان بە تۆمارکردنەوەی داستانێك، ئێمە دەباتە شیوێکی بناری ڕۆژاوای چیای شنگال، دەیان هەزار کورد لە پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی دوای ئەوەی پەنایان بردە بەر چیاکە، بۆ تێپەڕین و دەرباز بوونیان لە لایەن جەنگاوەرانی کوردەوە دەروازەیەکیان بۆ دەکرێتەوە، ئەو کوردانەی پەنایان بردبووە بەر بەژنی چیای شنگال، چیاش ئەوانی لە دەستی ڕەشی داعش پاراستبوو، ڕێی بەرەو ڕۆژاڤای کوردستانیان بۆ کرایەوە، ئیدی لافاوی مرۆڤ لە هەردوو ڕەگەز و لە تەمەنی هەمەجۆردا، بە شیوێکدا دێتە خوارێ و



**لە نۆیەمین پیشانگای تایبەتیی خۆیدا، ئەگەرچی (سامان ئەبووبەکر) ناوی لە تابلۆکانی نەنابوو، بەڵام تێکڕای تابلۆکانی تراژیدیای نەتەوەیەکیان دەگێڕایەوە. کورد، ئەو نەتەوەیەی خاك و خەڵکەکەی دابەش کراوە، هەمیشە لە دۆخی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی وڵات و زەوتکەرانی ئازادییەکەیدایە، داگیرکەرانیش زۆر بە دژواری، نامرۆڤانە و رەفتر لە بەرد و شاخ، بە ئاگر و ئاسن، بە شاڵاوی مەرگ، بەرسڤی خواست و داوای رەوای ئەم نەتەوە ئازادیخوازە دەدەنەوە.**

**تاریق کارێزی**



روو لـە دەڤەرێکـی ئارامتـری کوردسـتان دەکات.

ئـەو تابلۆیانـەی ناوبانگـی جیهانییـان پەیـدا کـردووە، ئەوانـەن کە بوونەتە سـیمبولّی وەرچەرخـان، یان راچەنین و وەئـاگا هاتنـەوەی مرۆڤەکان (چ تـاك بن، یان جڤاك). بۆ نموونە، گۆرنیکا (Guernica) دیواربەندێکی هونەرمەندی ئیسـپانی (پابلـۆ پیکاسـۆ )یە دەربـارەی بۆردوومانکردنـی شـارۆچکەی گۆرنیـکا لەلایـەن فرۆکـەی ئەڵمانـی و ئیتالییەوە نەخشـێندراوە، ئەو تابلۆیە گەشتێکی بە جیهاندا کرد و ناوبانگی پەیدا کرد، بوو بە پێناسـەی ریسـواکردنی جەنـگ و کاولـکاری، بـە هەمـان شـێوە تابلـۆی ئازادیی گـەل بەڕێـوە دەبـات (La Libert guidant le peuple) کـە هونەرمەنـدی فەرەنسـی (لیۆجین دیلاکـروا ) بۆ یادی شۆڕشـی فەرەنسـا کێشـاویەتی، لەو تابلۆیـەدا خوداوەندی ئـازادی لـە شـێوەی ئافرەتێکـی دووگیـان ئاڵای شـۆڕش (ئـاڵای نەتەوەیـی فەرەنسـا )ی بـە دەسـتەوە گرتـووە و رابەرایەتیـی گـەل بـەرەو ئـازادی دەکات، ئـەم تابلۆیـە هێمایەکی کۆماری و دیموکراسییە.

ئـەو مەرگەسـات و تراژیدیـا و دۆزەخانـەی بـە دەسـتی دەوڵەتانـی دراوسـێ و داگیرکـەری کوردسـتان بـە سـەر نەتـەوەی کـورددا هاتـوون، هاوشـانی ئەوانـەن و بگـرە دژواتریشـن لـەوەی بـە سـەر گەلانـی دیکـەدا هاتـووە.

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە: لەبـەر چـی تاکـوو ئێسـتا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و نەتەوەکانـی یەکگرتـوو هەڵوێسـتێکی ئەوتـۆ نانوێنـن بـۆ پاراسـتنی نەتەوەیـەك کـە یـەك سـەدە زیاتـرە لـە لایـەن نەتەوەکانـی دراوسـێیەوە هەڕەشـەی سـڕینەوەی لـە سـەرە؟ شـاڵاوە دژوارەکـەی داعـش بـۆ سـەر شـنگال کـە نزیکـەی نیوملیـۆن کوردی کـردە ئامانـج، کامیـرای میدیـای جیهـان گواسـتییەوە، کەچـی تـا ئێسـتا لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا شـتێکی ئەوتـۆ بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی شـنگال لـە هەڕەشـەی کۆمەڵکـوژی نەکـراوە، ئـەوان تـا ئێسـتا پتـر لـە ٧٠ فەرمانـی قـڕ کردنیـان دەرهـەق کـراوە، هێشـتاش هەڕەشـەی قـڕ کردنیـان لـێ دەکرێـت.

تـۆ بڵێـی ئێمـە نەزانیـن بـۆ برینـی جەسـتە و زامـی رۆحمـان هـاوار بکەیـن؟ یـان ئەوەتـا جیهـان لـە دەنـگ و زمانـی ئێمـە تـێ نـاگات و بـە برینـی سـاڕێژ نەبـووی ئێمـە ئاشـنا نییـە؟ ئەوەتـا سـامان ئەبووبەکـر بـە زمانـی بـەرزی هونـەری دیدەیـی روون و رەوان دەنگـی نەتەوەیەکـی هەڵبڕیـوە، هـاواری گەلێکـی بـە زمانـی هونـەر گەڵاڵـە کـردووە، بـۆ ناکـرێ لێـی تـێ بگـەن؟

# دونیا بەتمە واز لە عەساف ناهێنێ

بـەم دواییـە تـوڕە کۆمەڵایەتییـەکان چەنـد دیمەنێکـی ڤیدیۆیـی دیمانەیەکـی تەلەفزیۆنیـی خانمـە گۆرانیبێـژی مەغریبـی (دونیـا بەتمە)یـان بڵاوکـردەوە، کـە تێیـدا وەڵامـی لێدوانەکانـی گۆرانیبێـژی فەلەسـتنی محەمـەد عەسـاف دەداتـەوە.

دونیا لە دیمانەکەدا وتی: «باس کردن و وروژاندنی ناکۆکیی نێوان من و عەساف بۆتە بەشێك لە رابردوو، بۆیە پێویستە ئەو پرسیارە (کەمیی کارە هونەرییەکانی) لە خودی خۆی بکەن نەك مـن». دونیـا لـە درێژەی دیمانەکەیدا بە جۆرێك لـە سووکایەتی پێکردنەوە وتی: « بێزار دەبم کاتێك ناوی محەمەد عەساف لای مـن دەهێنن و بەرگەی ئەو ناوە ناگرم»، ئـەم وتانـەی دونیـا کاردانەوەیەکی توندی لـە نێو بینـەران لـە تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دروسـتکرد، بۆیـە رووبـەڕووی رەخنەیەکی توند بۆوە.

بەشـێکی زۆرری جەماوەری خـۆی و محەمـەد عەسـاف ئـەم لێدوانانـەی بـە کارێکـی خـراپ و بـێ رێـز وەسـف دەکـەن و روونیـان کـردەوە کـە ئـەم لێدوانانـە نیشـانەی رق و ئیرەیـی پـێ بردنی دونیایە بەرامبەر بە ئەستێرەی (ئـەرەب ئایـدل) و هەڵەیەکی گـەورەی بەرامبـەر بـە عەسـاف کـردووە، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی کـە بـە ئاشـکرا وتـی: «دونیـا هـەر قسـەیەکی دەرهـەق بە مـن کردبێت ئـەوا وەڵامـی نادامـەوە، بۆ ئـەوەی نەکرێتـە بابەتی میدیـا و سۆشـیال میدیـا، مـن سـەرەڕای توندیـی لێدوانەکانـی بـە سـنگێکی فراوانـەوە وەری دەگـرم، لێـی دەبـوورم و ئامـادەم ناکۆکییەکانـی نێوانمـان بـە لاوە بنێـم و لاپەڕەیەکی نـوێ لـە پەیوەندیـی نێوانمـان دەسـتپێبکەم.





# سردیڤی مردووە، یان کوژراوە؟

هەواڵی کۆچی دوایی خانمە ئەستێرەی بۆڵیۆد سردیڤی، بۆ جەماوەرەکەی مایەی شۆك بوو، چونکە کاتێك بەر لە ماوەیەك بە یاوەریی خانەوادەکەی لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری لەدوبەی بوون، بەڵام هەمان شەو تەرمەکەی لە ژووری خۆی لە هۆتێلێکدا دۆزرایەوە. سەرەتا مەترسی دەربارەی هۆکارەکانی مردنی سردیڤی هەبوو، دواتر ئەو راپۆرتانەی دەربارەی مردنی لە لایەن پۆلیسی ئیماراتەوە بڵاوکرانەوە، ئاماژەیان بەوە کرد کە هۆکاری مردنەکەی خنکان بووە، بە رێگای هەڵە لە بانیۆی ژوورەکەی دوای ئەوەی لە هۆش خۆی چووبوو، سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر ئەو رووداوەی کە بووە هۆی مردنی، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی ویلایەتی کیرای هیندی چەند بەڵگەیەکی پێشکەش کرد، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی مردنی سردیڤی مردنی ئاسایی نەبووە، بەڵکو زیاتر لە تاوانی کوشتن دەچێت.

ریشراج سینج یەکێك لە بەرپرسەکانی پزیشکی دادوەریی ویلایەتەکە رایگەیاند: رووداوی مردنی سردیڤی زیاتر لە کوشتن دەچێت، چونکە ئەو ئاوەی تێیدا خنکاوە قوڵییەکەی تەنیا چەند سانتیمەترێك دەبێت وئەگەر کەسێك بخنکێت و بڕێکی زۆری ئاویش بخواتەوە، ئەوا بەو ئاسانییە ناخنکێت، بەڵام پێدەچێت کەسێك سەری سردیڤی نقومی ئاوەکە کردبێت و رێگای نەداوە سەری دەربهێنێت.

لە لای خۆیەوە بەرهەمهێنەری ناسراوی هیندی بۆنی کاپور کە هاوسەری سردیڤییە لە بارەی ئەم بابەتەوە وتی: «من ئەوەندە گەمژە نیم کە بڕوام بەم قسانە هەبێت، نامەوێ بە هیچ شێوەیەك وەڵامی ئەو جۆرە چیرۆکانە بدەمەوە، چونکە پێموایە کەسێك بۆ خۆی درووستکی کردووە و پێویست ناکات وەڵامی ئەو جۆرە چیرۆکە بێ بنەمایانە بدەمەوە و دڵنیام ئەو چیرۆکانە بەردەوام دەبن».

# کیم کارداشیان قەرەبوو دەکرێتەوە

ئەستێرەی تەلەفزیۆنی ئەمریکی کیم کارداشیان بڕی (٢،٧) ملیۆن دۆلاری وەك قەرەبوو لە خانەیەکی نمایشکردنی جلوبەرگ وەرگرت، بە هۆی بەکارهێنانی ناوی لە براندەکانی ئەو خانەی نمایشە بێ ئەوەی ئاگادار بێت. کۆمپانیای مسگایدد ( Misguided USA) کە پێویستە بڕە پارەکە بدات بە کیم، دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا، بەرگریی لە خۆی نەکرد و بەپێی بڕیاری دادگا سەرەڕای قەرەبووکردنەوەی بەم بڕە پارەیە، رێگای پێ نادرێت براندە بازرگانییەکانی کیم بەکار بهێنێت، یان ریکلامی بۆ بکات، یان دابەشی بکات.لە لایەن خۆیەوە کارداشیان کە بەوە ناسراوە جلوبەرگی گەورەدیزاینەرەکانی جیهان بەکاردەهێنێت، بەتایبەتی لە بۆنە فەرمییەکاند،ا دوای دەرچوونی بڕیارەکە رایگەیاند: زۆر سەیرە کاتێك بە جلوبەرگێکی نوێ لە بۆنەیەك دەردەکەوم، دوای چەند کاتژمێرێك دەبینم جلوبەرگی هاوشێوە لەسەر ویبسایتی کۆمپانیاکانی جلوبەرگ دەردەکەوێت، تەنانەت رەنگەکانیشیان ناگۆڕن، ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاریی من. کۆمپانیای ناوبراو چالاکییەکانی خۆی لەو بوارەوە بە ئاشکرا ئەنجام دەدات، چونکە دوای چەند کاتژمێرێك لە دەرکەوتنی کارداشیان بە کراسێکی رەنگ زێڕینەوە، لەسەر ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی وێنەی کچە نمایشکارێکی بڵاوکردەوە، بە کراسێکی هاوشێوە و لەسەرەوە نووسیبووی:.ئەهریمەن زۆر بە گورجوگۆڵی کاردەکات، بەڵام کۆمپانیای (مسگایدد) گورجوگۆڵتر کار دەکات»، سەبارەت بە حوکمی دادگاش، ئێمە حوکمەکە لەبەرچاو دەگرین، بەڵام کەیسەکە کۆتایی نەهاتووە.

کارداشیان هەر سەبارەت بەم کەیسە وتی: «کۆمپانیای ناوبراو تەنیا بە کۆپیکردنی روخساری ئەستێرەکان ناوەستێت، بەڵکو ناویشیان بە کاردەهێنێت، بەشێوەیەکی رێکخراو و بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی خۆی ریکلامیان پێدەکات، ئەمانە بەرهەمی ماندووبوونی کەسانی دیکە و بیرۆکەکانیان بۆ خۆیان دەدزن.



# کاریگەریی مۆسیقا لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

لەم رۆژانەدا لە دەڤەری بارزان، لەناو سروشتی رازاوە و دڵرفێن، لەناو ژینگەیەکی پارێزراودا، بەشداریی چالاکییەکی بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیری و هونەری بارزان بووم و لەوێ سمینارێکم لەسەر رۆڵی مۆسیقا لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا پێشکەش کرد، بەشداربووانی دیکەی هونەری و ژینگەپارێزانیش، هەر یەکە و بە شێوازی خۆی بەشداریی سمینار و گەشتەکەیان کرد، لەوێ هونەر و ژینگە ئاوێتەی یەکدی بوون و مایەی ئاسوودەیی بەشداربووانیش بوو.

ئەو رۆژە بیرەوەریم بۆ سەردەمی منداڵیم گەڕایەوە، کاتێک دەروێشەکان لە سرووتی تایبەتدا بە دەفژەنینەوە خەریکی زیکر و تەهلیل دەبوون، تا دەگەیشتنە قۆناغێک کە ئەوەندە گەرم دەبوون، ئاگایان لە خۆیان نەدەما و زەرگیان لەخۆیان دەدا، شووشەیان دەکرۆشت و تیخ و شمشێریان بە خۆیاندا دەهێنا، بێ ئەوەی ئازاری کەس بدەن، بەڵام ئەو سرووتە تایبەتەی دەروێشان کاریگەریی بۆ سەر دەروونی منداڵان دەبوو، دەبووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ، بەتایبەت کاتی زەرگلێدان و شووشە کرۆشتن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێک رەگی توندوتیژیی لە منداڵاندا دەچاند و زەینی بەلای شمشێر و چەقۆ و خوێندا دەبردن.

ئەگەرچی لەو سرووتە تایبەتانەدا دەف وەك ئامێرێکی بنەڕەتیی مۆسیقا بەکار دەهێنرا، بەڵام چونکە شێوازی بەکارهێنانەکە بۆ هونەر و چێژی هونەری نەبوو، دواجار کاریگەریی توندوتیژی بۆ سەر دەروون و هزری منداڵان دەبوو، کە رەنگبێ بە درێژایی تەمەن ئەو هزرەیان هەر لەگەڵدا مابێتەوە.

هونەرە جوانەکان بەگشتی و مۆسیقا بەتایبەتی، هەر لە کۆنەوە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر مرۆڤەوە هەبووە، لە هەر چالاکییەکی زیندەگی، یان کۆمەڵایەتی، یان لە هەر سرووت و رێوڕەسمێکدا،



فەرهەنگ غەفوور

تەنانەت لە شەڕ و تۆمارکردنی داستان و جوامێرییەکانیشدا مۆسیقا (شمشاڵ، دەف، ساز و نای و تەنبوور و عوود...هتد) بەکار هاتوون و لە تۆمارکردنی سەردولکە و حەیران و لاوك و مەقام و بەستە و هۆرە و سیاچەمانە، مۆسیقا توخمێکی سەرەکی بەرهەمەکە بووە، بەمەش دەروونەکانی ئاسوودە کردوون و باری خەمی سووك کردوون، وەر حیکایەتخوانێك مێژوو و کولتووری گێڕاوەتەوە. زۆر داستان و سەربردەی مێژوویی هەن، لە ڕێی هونەرەوە ماونەتەوە و مێژووێکی نەنووسراویان لە لەناوچوون پاراستووە. بۆیە مۆسیقا تەنیا توخمێکی خۆشی ئامێز نییە، بەڵکو مایەی ئاسوودەیی دەروون و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و گرژی و یەکترسڕینەوە بووە، ناکۆکەکانی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە و مەودای دووریی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی مرۆڤایەتیی لێك نزیك کردۆتەوە، بەمەش کۆڵەگەیەك بووە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاشتیی مرۆڤایەتی. خۆ ئەگەر چاوێك بەو کۆمەڵگەیانە و ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەدا بخشێنین کە هونەرەکان بە گشتی تیایاندا فەرامۆشکراو و بێزراوە، دۆزەخێکیان بۆ خۆیان و دەوروبەریان بنیات ناوە و ڕەواجیان بە توندوتیژی و یەکتر سڕینەوە داوە. جێی بەراوردکردنیش نییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە گرنگیی بە زانست و هونەر و ڕۆشنبیری و دیموکراسی و یەکترقبوڵکردن دەدەن، کە وێڕای هەموو شەڕوشۆڕ و ئەو دۆخە دژوارانەی جیهاندا پێیدا تێپەڕ دەبێ، کەچی لای زۆرینەی خەڵك و کۆمەڵگەکان،هێشتا ژیان مانای خۆی هەیە و خۆشیی خۆی هەیە و جوانیی خۆی هەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە لە کوردستان، بە هونەرەکانمان بەشداریی ژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی مرۆڤەکان دەکەین و، هەموو هەوڵێکمان بۆ جوانکردنی ژیان و خۆشبەختیی پێکهاتەکانی کوردستانە.